# ئـــورزانـــا

## کۆنــــه پادشـــــایەکی ناوچـــــەی ڕەواندوز[1]

بـەهۆی چـەند بەڵگەیـەك وڵاتو شـاری موصاصـیر کـە لـە هـەزاری یەکـەمی پـێش زاینـدا ناوبانگی هەبووە دەکەوتە ناوچەی ئێستای ڕەواندوز. ناوچەکە زیاتر بەوە ناسـرابوو کـە مەڵبەنـدی پەرسـتنی (خالـدیا) بـوو کـە خوداوەنـدێکی گـەورە بـوو و وا دیـار بـوو گەورەخوداوەندی وڵاتی ئورارتو بوو، بێگومان گەورە خوداوەندی ناوچەی موصاصیرو دەوروبەریشـی، ئـەو وڵاتـەش پادشـایەکی هـەبووە بـەناوی ئورزانـا، کـە بەسـەرهاتەکانی لەسەردەمی سارگۆنی دووەمی ئاشور (721–705ی پێش زاین) دەبیستین.



تالانکردنی موصاصیر لە نەخشەیەکی کاتی سارگۆن لە دوور-شارروکین

لە سـەدەی نۆیـەمی پـێش زاینـەوە تـا نزیـك هەرەسـی دەوڵەتی ئاشور (کۆتایی سەدەی حەوتـەمی پـێش زایـن) پادشـایانی ئورارتـو بـۆ گرتنـی وڵاتـانی نزیـك ودووریـان بەردەوام لە جەنگدا بوون دژی پادشا ئاشورییەکان.[1]

گەورەترین تێکشکانی ئورارتو لە بـەردەم ئاشـوردا لـە سەردەمی سارگۆنی دووەمی ئاشوریدا (ساڵی 714 پ.ز) بوو ئەویش کاتێك پادشای ئاشور بەسەر هاوپەیمانەکانی ئورارتودا سەرکەوت و بەشێکی گـەورەی وڵاتـی ئورارتوی گرت.

ئورزانـا Urzana (دەشـکرێت ناوەکـە بـە ئورصـانا بخوێنرێتـەوە)[2] یـەکێك بوو لـە هاوپەیمانـەکانی پادشـای ئورارتـو بـەڵام نـەك بـە بـەردەوامی چـونکە دەسـەڵاتی ئاشـورییەکان ئەوەنـدە گـەورە بـوو ئورزانـا ناچـار دەبـوو بچێتە ژێر دەستیان. ئورزانا پادشای موصاصیر Muṣaṣir (موجاسیر؟) بوو. ئەو شارە لە نووسراوە ئاشوریییەکاندا بەم شێوەیە، واتە موصاصیر هاتووەو لە نووسراوە ئاشورییەکەی سەر میلی بە ئاردینی Ardini لـە نووسـراوە خالدییەکـەی پادشای ئورارتو.

ئەوەی لە ئورزاناوە ماوەتەوە نامەیەکی خۆی هەروەها مۆرێك، بەر لەوەی باسیشیان بکەین باسێکی ڕووداوەکانی ئەو کاتانە پێویستە.

لـە سـاڵی (715)ی پـێش زاینـدا، پادشـای ئورارتـو ڕوسـا Rusâ یـان ئورسـا Ursâ ی دووەم دابەزییـە ناوچـەی دەریاچەی ورمێو دەسەڵاتی ئاشورییەکانی لەوێدا شکاند. ڕوسا پەیمانی لەگەڵ پادشاکانی ناوچەکە بەسـتو پێکـەوە پادشایوڵاتی (ماننا)یان کوشت—کە ئەمیان سەر بە ئاشورییەکان بوو، لەوێشـەوە ڕووی کردە ناوچـەی ڕەوانـدوزو لـە

---

[1] ناوی موصاصیر لە دەقێکی پادشای ئاشوری ئاشورناصیرپالی دووەمدا (883-859پ.ز) هاتووە کە باسی ئەو ئاهەنگە دەکات کـە بەبۆنەی دروستکردنی (کالخو)ی پاتەختی نوێی کرابوو. لە ناو ئەو شوێنانەی بانگکرابوون باسی وەفدی موصاصـیر کـراوە کـە چـووبوو: ANET, p.560.

[2] ئەمەبە پێی نووسینی مێخی بەڵام لەبەر ئەوەی لەو شێوازە نووسینە ناتوانرێت تەعبیر لـە دەنگەکانـە ج، ژ،..تـاد بکرێـت دەکرێـت ناوەکە ئورجانا یان ئورژانا،...تاد بێت. دیاریش نییە کام لەمانە ڕاستە.

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE

ئاشورییەکانی سەند.



ئورزانا کە پێشتر سەر بە ئاشورییەکان بوو داوای کۆمەکی روسای کردبوو. روسا توانی حامیە ئاشورییەکان لەو ناوچەیە دەربکات، ئورزاناشی هێشتەوە لەسەر تەختی موصاصیر و بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی میلێکی لە (تۆپزاوا)ی نزیك ئەوێ دانا.

سارگۆنی دووەم لە ساڵی (714)داو لە لەشکرکەشییە ناودارەکەی (کە بە لەشکرکەشیی هەشتەم ناسراوە) دژی (ماد)و(ماننا)و ئورارتو ...تاد پەلاماری هاوپەیمانەکانی روسای داو بەسەریاندا زاڵ بوو. پادشای ئاشور لە پشدەرەوە چووە ناو خاکی دوژمنەکانی، پاشان رووی کردە بەشەکانی رۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێو ئەو ناوچانەی گرت، دوایش لە باکووری دەریاچەکەوە رووی کردە وڵاتی نائیری کە دەکەوتە باکووری رۆژهەڵاتیوڵاتی ئاشور. یانزو Ianzu ش، پادشای نائیری بۆ پاراستنی ژیانی کەوتە سەر پێی سارگۆن و چووە ژێر فەرمانی. سارگۆن لە نائیرییەوە دەرچوو و رووەو وڵاتی خۆی گەڕایەوەو بینی ئورزانای (( تاوان و ستەم بەرپاکەر سوێندی خۆی شکاند،کوێستاننشینی بەدکار، بیستی کە گەڕامەوە ودیاریی بۆ نەهێنام و نەهات بۆ ماچ کردنی پێم، باج وسەرانەیو دیارییەکانی نەدا وتەنانەت بۆ یەک جاریش پەیامبەرەکەی نەنارد بۆ لام بۆ سلاو کردن لێم )). سارگۆن بە وتەی خۆی زۆر تووڕە دەبێت و بڕیار دەدات موصاصیر بگرێت[3].

پادشای ئاشور لەشکرەکەی خۆی دەنێرێتەوە وڵات، خۆیو تەنیا یەك عارەبانەی جەنگیوهەزار کەس بۆ گرتنی موصاصیر دەچن[4]. رۆشتنی پادشای ئاشور بەو هێزە بچووکەوە بۆ گرتنی ئاشور نەك تەنها لەبەر ئەوەی لەشکرەکەی ئەو رێگە دوورەی بڕیبوویو ئەو شەڕە زۆرانەی کردبووی ماندوویان کردبوو، بەڵکو بە بڕوای ئێمە ئەو هێزی بچووکەی ئاشورییەکان سوودی ئەوەی هەبوو موصاصیر لە ناکاو بەرن چونکە ئورزانا بە هۆی گەڕانەوەی لەشکری ئاشورەوە رەنگە لە هێزە بچووکەکەی سارگۆن بێ ئاگابوو بێت.

هەر بە مەبەستی لەناکاوبردنی موصاصیریش سارگۆن بە رێگەیەگی سەختدا رۆیشت کە لەوانەیە پێشتر بەکارنەهێنرابێت. لە کێوی ئاریسو Arisu دەرچوو و دوایی لە زێی بادینان (کە وەك پادشا دەڵێت ؛ خەڵکی ناوچەکانی نائیریوخابخی پێیان دەوت ئێلامونیا Elamunia) پەڕییەوە. پاشان توولە رێگەیەکی لە کێوەکانی ئەو ناوچانە خۆش کرد. سارگۆن ناوی ئەم کێوانە دەهێنێت: شیاك یاخود شێیاك Š(e)iak، ئاردیکشی Ardikši، ئولایاو Ulâiau، ئاللوریا Alluria کە زۆر لێژو سەخت بوون و بە هەموو جۆرە درەختێك داپۆشراون[5]. دوای بڕینی ئەمانە لەشکرە بچووکەکە پەلاماری موصاصیری دا. ئورزانا کە بە هاتنی لەشکرەکەی زانی هەڵهات و بەسەر کێوێکی بەرزدا سەرکەوت. سارگۆن شارەکەی وێران کردو ژن وکوڕو کچەکانی ئورزاناو (6170) کەس وتالانییەکی زۆری برد : 690 ئێسترو گوێدرێژ، 920 [رەشە وڵاخ ]، 100225 سەرەمەڕ، لەگەڵ بڕێکی زۆری زێڕو زیو و برۆنز[6]، ئەمانەش بە پاڵ بتی خالدیا

---

[3] ARAB,2, S169.

[4] ARAB, 2, SS 59, 171.

[5] ARAB, 2, S 171.

[6] کاتی خۆی لە کتێبەکەی (لەکنبێل) بەدەست ئەو زانیارییانەم نەقڵ کردبوو و بڕی تەواوی زێڕو زیوەکەم بۆ کورتیو بەو شێوەیەی سەرەوە نووسیبووەوە. ئێستا ئەو کتێبەم لا نییە بەڵام لە بابەتێکی ئینتەرنێت ئەو بڕانەم دەستکەوت هەرچەندە دەبێت بڵێم کە بابەتەکانی ئینتەرنێت وەکو ئەوانەی کتێبو گۆڤارەکان ورد نین:

http://idcs0100.lib.iup.edu/WestCivil/urartu.htm

**Haldia و باگبارتو(م) Bagbartu(m) یاخود باگماشو(م)، ژنی خالدیا[7]، هەروەها چەندین پەیكەری پادشاو میرانی ئورارتو[8]، لەو ساڵەشەوە موصاصیر بووە ویلایەتێكی ئاشوری و سارگۆن خستیە ژێر فەرمانی ((گەورەی كۆشك))[9].**

**بڕی زێڕو زیو و بڕۆنزو كەلوپەلیش كە دەست ئاشورییەكان كەوتبوون بەم جۆرەیە:**

**لە گەنجینەكانی كۆشكی موصاصیر ئەوانە هەبوون: زیاتر لە 900 كیلۆ[10] زێڕ، نزیكی چوار تەن‌و نیو[11] زیو، زیاتر لە 400 كەلوپەلی بەنرخ كە بریتی بوون لە 44 جۆرە: شمشێرو خەنجەری زێڕو زیو، پەرداخی زیو، كووپی دەسك زێڕ...تاد. لە پەرستگەی خالدیاش دەستكەوتەكان زۆر لەوە زۆرتر بوون: زێڕێكی زۆر، پێنج تەن زیو، زیاتر لە 100 تەن قاڵبی بڕۆنز. هەندێكیش لە كەلوپەلەكان ئەوانە بوون: 6 قەڵغانی زێڕ كە ڕەنگیان سووری وەكو كڵپەی ئاگرو كە لای ڕاست‌و چەپ لە ژوورەكەیدا هەڵواسرابوون‌و بە بریسكەیەكی پڕ شەوق نمایش كراون، لەناوەڕاستیانیشدا سەری سەگ هەن كە ددانەكانیان دیارن‌و كێشەكەیان 5 تاڵنت‌و 12 مینا (نزیكی 160 كیلۆ)یە[12]، یەك كلۆمی دەرگا لە زێڕ بەشێوەی دەستی مرۆڤ دروستكراوە. قفڵ (یاخود سورگی)ی سەر دەرگاكە بەشێوەی دەعبایەك، دوو كلیلی زێڕ بەشێوەی لاماسسو (شەیتانی باڵدار)[13] تاجیان لەسەرەو قورساییان 2 تاڵنت‌و 12 مینا (نزیكی 66 كیلۆ)یە، 25,212 قەڵغانی مسین (بڕۆنز)ی قورس‌و سووك، 1514 ڕمی مسینی قورس‌و سووك، سەرەنێزەی قورسی مسی زەرد... 305412 شمشێر، شمشێرێكی گەورەی زێڕ نزیكی 13 كیلۆ قورسەو خوداوەندەكە لە كەمەردا هەڵیگرتبوو، 96 ڕمی زیو.. (لیستەكە درێژترەو لێرەدا هێندە بەسە باس بكرێت). تۆمارەكە 61 جۆری جیاوازی شتی تێدایە كە ژمارەیان 335000 شتن.[14]**

**ئاشكراشە ئەم دەوڵەمەندییە لەبەرئەوەی شارەكە مەڵبەندی پەرستنی گەورە خوداوەندی ناوچەكە (تەنانەت هی ئورارتوی دووریش بوو) بۆیە دیاریی وڵاتانی بۆ دەچوو.**

**نەك تەنها فەرمانڕەوایانی ناوچەكانی دەوروبەر دەچوون بۆ موصاصیر بۆ لای خالدیا، بەڵكو تەنانەت پادشای ئاشوریش چووبو. بەڵگەیەك لەمبارەیەوە نامەیەكی ئورزانایە كە وەڵامی نامەیەكی ((گەورەی كۆشك))ی ئاشورییە كە تێیدا هەواڵی روسای لە ئورزانا پرسیبوو و پێی وتبوو ئایا ناوبراو لەگەڵ سەربازەكانی بۆ لای ئەو هاتوون و(ئێستا) لە كوێدایە، ئورزاناش لە وەڵامدا دەڵێت فەرمانڕەوای ئوئاسی Uasi و فەرمانڕەوای ناوچەی ئوكییەكان (خەڵكی ئوكا Uka) هاتن بۆ موصاصیرو لە پەرستگاكەیدا پەرستشی خۆیانیان كردو وتیان روسا وا دێت وپادشا لە ئوئاسیدایە، فەرمانڕەواكانی تریش دواكەوتن وئەوانیش دێن ئینجا دەڵێت ئەمانە پەرستشی خۆیان لە موصاصیردا كردبووو ئورزانا بە كابرای ئاشوری دەڵێت: لەبارەی ئەوەی بۆت نووسیبووم كە بەبێ ڕەزامەندیی پادشا (= سارگۆن) نابێت كەس بۆ بەجێهێنانی ئەركە ئاینییەكان سەربازەكانی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ئایا كاتێك پادشای ئاشور هاتبوو ئەمەم لێ**

---

[7] **Ibid.**

[8] **F.Thureau-Dangin, Une Relation de huitième campagne de Sargon(714 av. J.-C.), Paris, 1912(1973), p.XVIIf.**

[9] **Ibid, p.XIV, n.2.**

[10] كێشەكانی ئەو بابەتە بە پاوەند نووسراوەن، لێرەدا نووسراوە یەك تەن، تەنیش بەو پێوانەیە لە ئەمەریكادا 2000 پاوەندە (لە بەریتانیاش 2240)، بۆیە ئەو قورساییانەم بەو جۆرەی سەرەوە كردووە بە كیلۆگرام.

[11] مەبەستم لە تەن=1000 كیلۆگرام.

[12] نووسراوە نزیكی 140 پاوەند. ئەگەر 5 تاڵنت (بە سومەری "گو" و بە ئەكەدی "بیلتو")و 12 مینا بێت دەبێتە نزیكی 346 پاوەند. وەكو وتم كتێبەكەی (لەكنبێلڕ)م لا نییە تا لەوە دڵنیا بم. (مینا) لە سەردەمەكانی پێشتردا (مانا)ی پێ دەوترا.

[13] بڕوانە هەروەها باسی مۆرەكەی ئورزانا بۆ (لاماسسو).

[14] تەماشای لیستەكە بكە لەو بابەتەی سەرەوەی ئینتەرنێت.

Zagros Website

قەدەغەکردبوو؟ ئینجا دەڵێت((ئەوەی ئەو کردی ئەویش دەیکات، ئیتر چۆن ئەمە مەنع بکەم؟))[15]. تورۆ – دانجان دەڵێت ئەکیدە ئەم نامەیەی ئورزانا هی پێش 714 بوو ئەویش لەبەر شێوازی گاڵتەجاڕیو بێئابڕوویی دێڕەکانی دوایی نامەکە دەنا ئورزانا پاش لەشکرکەشییەکەی ساڵی 714 بەم شێوەیە قسەی نەدەکرد[16].



ئینجا دێینە سەر هەندێك لە نامەکانی ئورزاناو ئەو نامانەی ـسەر بـەون. کیمیرییـەکان لـە بـاکووری وڵاتـی ئورارتـووە دێنـە خوارەوە، پادشای ئورارتوش بە لەشکرێك بۆیان دەچێت ئەوانیش دەیبەزێنن. ئەمە لە نامەیەك دەزانین (هارپەر– ژمارە 197)کە بۆ سارگۆن لە سەنحاریبی کوڕییەوە نێردرابوو. لە نامەکەدا باسی ـەوە کـراوە ئورزانا خۆیو براکەیو کوڕەکەی دەچن بۆ لای پادشای ئورارتو پاش شکستەکەیو پاشەکشەکردنی بۆ شاری ئوئازائون (وازاون،واصاون...)Uazaun[17] بۆ سڵاوکردن لێی، پادشای (خوبوشکیا)ش لەلایەن خۆیەوە پەیامبەرێك دەنێرێت بۆ سڵاوکردن لە پادشای ئورارتو[18]. سەنحاریب لە نامەیەکی تریدا بۆ باوکی (کۆمەڵەی نامەکانی هارپەر، بەرگی11، نامە ژمارە 1079) بە باوکی دەڵێت کە جێگری گەورەی کۆشك هاتە لایو پێی وت ئورزانا ئەوەی بۆ نووسیبوو کە پادشای ئورارتو دژی کیمیرییەکان چووبوو و لەشکرەکەی بەزیو فەرمانڕەوای ئوئاسی کوژرا[19]. نامەی (هارپەر 646)یش نۆ فەرمانڕەوای ئورارتویی کوژراو دەژمێرێت[20].

ڕەنگە ئورزانا ئەو کاتە ئاگای لە شکستی پادشای ئورارتو نەبووبێت ئەگینا لەگەڵ پادشایەکی دۆڕاودا ڕێك نەدەکەوت[21] بەڵام لەوانەشە بەمەی زانبێت و ئارەزووی زیاتر لەگەڵ روسادا بووبێت وەك لە سارگۆن (بە تایبەتیش ئەگەر بزانین کە بەلای کەمەوە هۆکاری ئاینی کۆی دەکردنەوە). ئورزانا وەك دڵسۆزێکی روسا مایەوە تەنانەت دوای ئەوەش کە روسا لە شەڕەکانی (714)دا شکستی هێناو وڵاتەکەی ئورزانا بە وڵاتانی سەر بە ئاشور دەورەدرا.

ئەوە دەمێنێتەوە روسا کەی بەرامبەر کیمیرییەکان شکستی خواردو ئورزانا کەی چوو بۆ لای. تورۆ– دانجان دەڵێت ڕای زۆر باو ئەوەیە دوای ساڵی (714) بوو – ساڵی لەشکرکەشیی هەشتەمی سارگۆن کە لە کۆتاییەکەیدا موصاصیر گیرا. ناوبراو دەڵێت ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە پاش تاڵان کردن و وێران کردنی موصاصیر ئورزانا چۆتەوە وڵاتەکەیو کە ئەمەیان ڕێی تێ دەچێت هەروەها جارێکی تر پەیوەندیی نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ کۆشکی ئاشوریدا دەست پێکردەوە وەك چۆن هیچ شتێك ڕووی نەدابێت، ئەمەش کەمتر ڕێی تێ دەچێت[22]. بەڵام تورۆ–دانجان بەڵگەیەك دەهێنێتەوەو لێوەی دەگاتە ئەوەی ئەگەر سەرکەوتنی کیمیرییەکان دوای لەشکرکەشیی ساڵی (714) بووبێت ئەوا

---

[15] Ibid.

[16] Ibid, p.XIII.

[17] تورۆ - دانجان دەڵێت ڕەنگە بە ئوئازائێ بخوێنرێتەوە Uazaë =بتلیس F. T.-Dangin, Op. Cit. , p.XIV, n.4 لەکاتێکدا تۆمسن دەڵێت لەوانەیە واستان Wastan ی ئێستا بێت کە لە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی واندایە: AJSL,17, 1901, p.166.

[18] F. T.-Dangin, Op. Cit. , p.XIV, n.4.

[19] F. T.-Dangin, Op. Cit., p.XIIIf.

[20] Ibid, p. XIV, n.5.

[21] R.G.Thomson, AJSL, 17, p.166.

[22] F. T.-Dangin, Op. Cit. , p.XIV.

یەکسەر لە دوایدا بوو بەڵام ئیحتمالی زۆر گەورەتر ئەوەیە پێش ئەو لەشکرکەشییە بووبێت[23]. ڕەنگە گەڕانەوەی ئورزانا بۆ موصاصیر پاش وێران کردنی ڕاست بێت چونکە نامەیەك هەیە (ڕەنگە هەر لە گەورەی کۆشکەوە نێردرابێت) کە تێیدا وتراوە:

(( [بەڵام لەوانەیە] بڵێیت: با [پادشای سەرورەرم خوداوەندەکانم] بداتەوە...، (کەواتە) زوو هەواڵ [کۆبکەرەوەو بنێرە بۆم] زووش خوداوەندەکانت دەدەمەوە...، شاری موصا[صیر] " لەوێدا بمێنەرەوە!...)) تاد[24].

هەرچەندیشە نامەکە شکاوە بەڵام تا ڕادەیەك دیارە قسەکان لەگەڵ ئورزانادا کراوەو ئەمیان داوای خوداوەندەکانی کردووەو بەرامبەر بەوە داوای کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئاشورییەکانی لێ کراوە.

لەو کاتەداو وەکو ئەمڕۆ ئیستخبارات دەورێکی بەرچاوی بینیبوو و زۆرجار فەرمانڕەواو سوپاسالارەکان ئەم کارەیان پێ دەسپێردرا. ئەوەتا هەواڵی دوو فەرمانڕەواکەی سەر بە ڕوسا کە لەسەرەوەدا باسمان کردن و کە گەشتەکەیان بۆ موصاصیر کردبوو زوو گەیشتبووە سارگۆن. ئەو نامەیەی باسی ئەو دوو کەسەی کردبوو ژمارەی سەربازەکانی سێتینی Sêtini (فەرمانڕەوای ئوئاسی) بە 3000 هەزار سەربازی پیادە دیاری کردبوو و ئەمانە بەرو موصاصیر ڕۆشتن و لە ئاوی ڕەش پەڕینەوە[25]. دیارە (ئاوی ڕەش) ناوی ڕوبارێك بووە لەو ناوچەیەدا، ڕەنگە لقێکی زێی بادینان.پێویستە هەموو ئەو ڕووداوانە بخەینە ماوەی پێش لەشکرکەشیی ساڵی (714)ی سارگۆن، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین کە لە سەرەتاداو لەبەر هۆیەکی نەزانراو (ڕەنگە لە ترسی ئاشورییەکان) ئورزانا چووبێتە ژێر فەرمانی سارگۆن پاش ئەوەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئورارتودا باش بوو. دوای ئەوەش و پێش شەڕەکانی ساڵی (714) ئورزانا لە سارگۆن هەڵگەڕایەوەو داوای یارمەتیی لە ڕوسا کردبوو تا لە پادشای ئاشور ڕزگاری بێت، پاشان شەڕەکانی ساڵی (714) ڕوویان داو موصاصیر وێران کراو ئورزانا لە دواییدا ناچاربوو بچێتەوە ژێر دەستی سارگۆن.

لە کاتێکی دیارینەکراویشدا وڵاتی موصاصیر تووشی هێرشی ماننایییەکان بوو-کە لە ڕۆژهەڵاتی موصاصیر، لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێدا دەژیان -بەڵام لێرەدا ناوی ئانالاقونو Analaqunu دەبیستین کە فەرمانڕەوای موصاصیر بوو. تورۆ-دانجانیش وای داناوە ئەم کابرایە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی موصاصیر نەبووە بەڵکو فەرمانڕەوایەك بوو سەرۆکایەتیی لەشکری ((پێش)) سنووری موصاصیری دەکرد چونکە نامەیەك هەیە (نامەی هارپەر ژمارە646) باسی ((فەرمانڕەوای بەردەم موصاصیر))ی تێدا هاتووەو لە شەڕی دژ بە کیمیرییەکان لەگەڵ هەشت فەرمانڕەوای تردا کوژرابوو[26].

نامەکە، کە بۆ پادشای ئاشور نێردرابوو، دەڵێت ئەو ماننایییانەی لە ((شارەکانی ئورارتودان[27]))و لە ناوچەی قەراغی دەریاکەن (واتە دەریاچەی ورمێ، بەپێی ت-دانجان) لەپڕ دەرکەوتن و تاڵانییان بەرپا کردو دیارنەمانەوە، ئانالاقونو و فەرمانڕەوای موصاصیرو توننائون Tunnaun فەرمانڕەوای کارسی[...]( یان کارسیتو[...] / ف.ق) لە سنوورەکانی ماننایییەکان بۆ پاسەوانی چوون...[28].

لەبەر ئەوەشی باسی ئەو ماننایییانە کراوە کە سەر بە وڵاتی ئورارتون و لەبەر ئەوەی ڕوسا لە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی

---

[23] Ibid, p.XIV-XV.

[24] Parpola, no.7, p.9.

[25] BA, 4 ,1902, no.380, S.522.

[26] F. T.-Dangin, Op. Cit. , p.XVI, n.1.

[27] تورۆ-دانجان وشەی (پادشا) وەك تەواوکارییەك بۆ دەقەکە داناوە، واتە ڕستەکە لای ئەو : شارەکانی (پادشای) ئورارتون. (فان گلدرن)یش وای وەردەگێڕێت: شارەکانی ئەرمەنییەکە.. مەبەستی لە پادشای ئورارتوییە چونکە ئەو کاتە نە ناوی ئەرمەن و نە ئەرمەن خۆیان(کوردیش هەروا) پەیدانەببوون.

[28] Ibid + BA, 4, no.381, S.523.

ورمێوە (ناوچەی ئوئیشدیش Uišdiš و زیکیرتو Zikirtu) گەیشتبووە وڵاتی مانناییەکان، یان با بڵێین جەرگەیوڵاتەکەیان، کەواتە لەوانەیە هێرشبەرە مانناییەکان هەر لەوێوە هاتبووبن.

تورۆ – دانجان دەڵێت دەوڵەتی ئورارتو لە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەکەوە تەماسی لەگەل مانناییەکاندا کردووە[29]، بەمەش دەتوانین بڵێین کە ئانالاقونو ئەفسەرێکی سەر بە ئاشورییەکان بووەو لەبەر هەبوونی خۆیو لەشکرەکەی، ئورزانا داوای یارمەتیی لە روسا کردووە ئەویش دوایی هاتۆتە ناوچەکە و ئاشورییەکانی لێ دەرکردبوو، بەم پێیەش ئانالاقونو ئەو ((فەرمانڕەوای بەردەم موصاصیر)) نەبوو کە لە شەڕی کیمیرییەکان کوژرابوو چونکە ئەمیان سەر بە روسا بوو.

میلی تۆپزاوا (هەرچەندە نووسینەکانی بە شێواویو بە کەموکورتی ماونەتەوە) یەکێکە لە دەقە هەرە گرنگەکان (بە وتەی تورۆ– دانجان) بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان روساو ئورزانا، بڕگە گرنگەکەی میلەکە لەم باریەوە ئەمەیە:

ئورزانا" پادشای کۆن[30]، لە پەرستگادا، لەبەردەم مندا چووە سەرەوە (چوار دێڕی دوایی ناوی ئورزانا و خالدیاو وڵاتی ئاشور دەبەن ئەویش لە میانەی باسێکی تەمومژاویدا. دەقەکە دوایی چاك دەبێتەوە..لە کۆتایی دێڕی پانزەمەوە) : من روساش Rusaš، تا کێوەکانیوڵاتی ئاشور، وەکو .... ێک، پێشڕەویم کرد، ... دەستی ئورزانام گرت،ئەوم...، لە جێگەی خۆیدا دامنا، وەکو پادشا جێگیرم کرد. بۆ 15 رۆژ لە موصاصیردا قوربانیم پێشکەش کرد[31].

بە پێی (بلێك) ئەمە پاش لەشکرکەشیی ساڵی (714) بوو، تورۆ – دانجانیش دەڵێت ئەمە موستەحیل نییە بەڵام رەخنەی ئەوەش دەگرێت کە بلێك نووسینە ئاشورییەکەی لەبارەی مردنی روساوە یەکسەر دوای گرتنی موصاصیر لە لایەن ئاشورییەکانەوە تەواو خستۆتە ئەو لاوە[32]. بە هەر حاڵ ئەمە بۆچوونێکی لاوازەو گونجاوتر ئەوەیە ئەمە پێش لەشکرکەشییەکە بووبێت، ئیتر ئایا لە هەمان ساڵی 714 بووبێت یان پێشتر چونکە روسا دوای لەشکرکەشییەکە ئەوندەی پێ ناچێت خۆی دەکوژێت (وەك ئاشورییەکان دەڵێن) یان بە نەخۆشی دەمرێت. تورۆ – دانجان کە مردنی روسا بە نەخۆشی پەسەند کردووە[33] دەڵێت ڕەنگە ڕووداوەکانی پێش 714 کە لێیان بێئاگاین دەرفەتیان بە روسا دابێت تەدخەول بکات[34]

[29] F. T.-Dangin, Op. Cit. , p.XVI, n.1.

[30] تورۆ-دانجان دەڵێت لێمان Lehmann و سایس Sayce بە شێوەیەکی دیکە هێماکە دەخوێننەوە: لە جیاتیی (پادشای کۆن) mah-ri šar لێمان šarru nak-ru = پادشای دوژمنکارو سایس šar puhru (=پادشای ئاپۆڕەکان) دەخوێننەوە. ت-دانجان موناقەشەی ئەم دوو خوێندنەوەیە دەکاتIbid, p.XV, n.3..

[31] Ibid, p.XV.

[32] Ibid, p.XVf.

[33] Ibid, p.XIX.

[34] Ibid, p.XVI.

# مۆری ئورزانا





جگە لەو نامەیەی ئورزانا کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، مۆرێکی ئورزانا دۆزراوەتەوە. مۆرەکە لە وێنەی کابرایەك چوار باڵی وەك باڵندە هەیەو بەهەر دەستێکی ملی وشترمەل یان باڵندەیەك لەو جۆرەی گرتووە، لەگەڵ نووسینێکی مێخیی حەوت دێری پێکهاتووە. ئەوساش وا زانرابوو نووسینەکە بە زمانی خالدییە، واتە ئورارتویی، دوو دێری یەکەمی نەبێت[35] بۆیە نەتوانرابوو دێرەکانی تر وەربگێڕدرێن بەڵام نووسینەکە لە راستیدا بە شێوەی ئاشوریی نوێی زمانی ئەکەدییەو بەم جۆرەیە:



| | |
|---|---|
| 1-مۆری ئورزانا | kunuk ᴵUr-za-na |
| 2- پادشای موصاصیر | šar ᵃˡMu-ṣa-ṣir |
| 3- شاری س س س | āl x x x |
| 4-...... | |
| 5- کە وەك مارێك | šá kīma ṣēri |
| 6- لە کێوە بەدەکاندا | ina šadēᵉ lemnūti |
| 7- دەمی کراوەتەوە[36] | pī-šu pi-tu-u |

**تێبینی لەبارەی نووسینەکەوە**

1- دێری چوارەم کە لە سەرچاوەکەماندا و لەوەی تورۆ -دانجانیشدا نەخوێنراوەتەوە[37] بەم شێوەیەیە: ZA.ᵈALAD و ئەگەر ئەم وشە سومەرییانە بە ئەکەدی بخوێنرێنەوە دەبنە aban šēdu، واتە (بەردی شێدو) و ئەم (شێدو)وە کە بەرامبەر (خوداوەند ئالاد)ـە خێوێکی پارێزەرە[38]، ئەم شێدووەش لە دواییدا لە تەوراتدا ئاماژەی بۆ بت دەکرێ و کەنیسەی یۆنانی دەیگەڕاندەوە بۆ جنۆکە یاخود دێوەکان لەکاتێکدا لە ئەکەدیدا پەیوەندیی بە گیانی مردووان هەبوو[39]. هێماکانی سەرەوە هەروەها بەم شێوەیەش دەخوێنرێنەوە ZA ᵈLAMA₂ واتە بەردی خوداوەند لاماو بە ئەکەدی بەردی لاماسسو. وەرگێڕانی بەردی لاماسسو هەڵبژاردنی تورۆ-دانجانە (بەردەکەش کە مۆرەکەی لێ دروست کراوە بەپێی مونان Menan لە سەرچاوەی سەرەوەیدا (یەشب)ی پەمەییە. یەشب بەردێکی بەهاگرانە). لاماسسو وەکو شێدو خوداوەندێکی پارێزەرە[40].

2- دێری سێیەم : س س س :- چەند وەرگێڕانێك بۆ ئەم سێ هێمایە هەن. زووتر بە ᵃˡÚ-ab(?)-ti واتە شاری ئوئابتی(؟) (گومان لە بڕگەی ئاب ab دا هەیە) وەرگێڕدرابوو ، بەمەش دێری دووەم و سێیەم دەبنە)(پادشای موصاصیر و ئوئابتی(؟) (لای: سایس، ڤنکلەر، شترێك)[41]، پێش ئەوانیش (یانسن) بە تەنیا دێری سێیەمی بە (ئال) [ئو -ئاب -

---

[35] M.J.Menant, Catalogue des cylindres orientaux du cabinet royal des médailles de La Haye, 1878, p.55.

[36] A.Goetze. Muṣaṣ(ṣ)ir, in; RA, 46, 1952, p.158.

[37] دیارە ت-دانجان بە دێڕێکی سەربەخۆی نازانێت چونکە دەڵێت: لە نێوان دێری 3 و 4. .

[38] بۆ هێماکە و بۆ ئەم واتایە بڕوانە: Labat, no.322.

[39] بڕوانە: ليو اوبنهايم، بلاد مابين النهرين، ت. سعدي فيضى عبدالرزاق، 1981، ل 253.

[40] Labat, ibid.

[41] F.T.-Dangin, Op. Cit., p.XII, n.3.

تی] خوێندبووەوە بە ((شاری وشترمەل)) ی وەرگێڕابوو[42]، دوایش (ت-دانجان) هێماکان بە بەرامبەرە ئەکەدییەکەی خوێندبووەوە، واتە شاری ئاریبو âl âribi واتە شاری قەلەڕەش و ئەم باڵندەیەی بە جنۆکەی شاری موصاصیر زانیوە[43]، واتە لای سایس و ڤنکلەرو شترێك دێری سێیەم بە ناوی شارێکی دیاریکراو زانراوو ئەوانەی تر بە پێناسەی شاری موصاصیریان زانیوە.

* * * * * * * * * * *

(گوتزە) بەهۆی مۆرەکەوە موصاصیرەوە گەیشتە بۆچوونی خۆی، ئەویش گوایە ئەم ناوە پەیوەندیی بە چەند وشەیەکەوە هەیە کە واتای ناوی موصاصیر دەکەنە ((سیسرك)) یان((کوللە)) کە بە زمانی ئورارتوویی پێی دەوترێت (ئاردینی)[44]، ئەوەشمان وت لە دەقە خالدییەکەی روسادا (لە میلی تۆپزاوا) ناوی ئاردینی هاتووە لەکاتێکدا لە دەقە ئاشورییەکەی هەمان میلدا ناوی موصاصیر نووسراوە. واتە ڕەنگە ناوی موصاصیر واتایەکی دیاریکراوی هەبێت و ئەو ناو و واتایە بە خالدی بە ئاردینی تەعبیری لێ بکرێت. بەپێی لێمان-هاوپت موصاصیر بریتییە لە مووصا-صیری بەواتای شوێنی هاتنەدەری مار بەڵام ئەمە گوتزە ئەمەی بە دوور زانیوە[45].

لەبارەی ئورزاناوە؛ دیارە ناوەکەی خۆماڵییە نەك ئاشوری. (هیوزنگ) ئەم ناوەی بە ناوی ئوئارزان Uarzan پەیوەست کردووە و کە ئەمیان ناوی میری شوێنێکە بە ناوی ئوقوتتی Uqutti[46](لە وڵاتی میدییەکاندا؟)، بەڵام شترێك ئورزانای بە ناوێکی نزیکە هیندوئەوروپایی ی نەزانیبوو و گەڕاندبوویەوە بۆ کۆمەڵە زمانەکەی نزیك بە زمانی خالدی[47].

زمانی خالدی یان ڕاستتر ئورارتوویی (زووتریش پێی دەوترا ڤانی- لە ناوی دەریاچەی ڤان- وانەوە) لەو زمانانەیە کە سەر بە هیچ کۆمەڵە زمانێکی ناسراو نییەو زمانە کۆنەکانی کوردستان لەو جۆرە زمانانەن. زمانی ئورارتوویی زۆر لە خوررییەوە نزیکە.

ناوی ئەم شوێنەواری (مجێسر)، کە نزیك (تۆپزاوا)یە، لە ناوە کۆنەکەی موصاصیر دەچێت، ئەمەش لەلایەن زیاد لە یەك کەسەوە باس کراوە، هەرچەندە نازانین چۆن ناوە ئاشورییەکە دەمێنێتەوەو ئەو ناوەی تر دەفەوتێت کە زانایان بۆ ئەو چووبوون ناوە ناوچەییەکە بێت، واتە ئاردینی. بەڵام دیارە موصاصیر ناوی ئاشوری نییەو ڕەنگە پەیوەندیشی نەبێت بەو واتایانەی لە سەرەوەدا باس کران. ناوی ئاردینی، وتمان وەك بەرامبەری ناوی موصاصیر هاتووە، بەبڕوامان پەیوەندیە هەیە بە وشەی خورری ئاردێ arde[48] واتە شار. ڕەنگە هەردوو ناوەکەش، واتە موصاصیر و ئاردینی، ناوی ناوچەیی بن، یان لەوانەیە لای خەڵکی ناوچەکەو لای ئورارتووییەکان بە "شارەکە" ناسرابێت.

ئەوەش ئاساییە پایتەختێك یان مەڵبەندێکی ئاینی بە "شار" بناسرێت. بەراورد کردنی ناوی مجێسر لەگەڵ ناوی موصاصیر وامان لێ دەکات ناو کۆنەکە بە موجاصیر یان موجاسیر بزانین. وتیشمان هەندێك دەنگ لە نووسینی مێخیدا، لەم حاڵەتەشدا دەنگی (ج)، بە هۆی دەنگیترەوە تەعبیری لێ دەکرێت. تەنانەت دەتوانین بۆ ئەوەش بچین کە (جا) خوێندنەوەیەکی تری هێمای (زا، صا)یە. ڕەنگە ناوی ئورزاناش وا بخوێنرێتەوە واتە ئورجانا.

لە ساڵی (1961)ی زاینیدا دوو پەیکەری مرۆڤ و هەندێك پەیکەر کە شێوەکەیان دیار نییە هی مرۆڤە یان هی ئاژەڵ،

---

[42] M. Streck, ZA, 14, 1899, S.130.
[43] F. T.-Dangin, Op. Cit., p.XII, n.3.
[44] A. Goetze, RA, 46, p.159.
[45] Ibid, p.58, n.7.
[46] بۆ ئوئارزان و ئوقوتتی بڕوانە: ARAB,2,S 192.
[47] M. Streck, S.357, Anm.1.
[48] بۆ وشەی ئاردێ بڕوانە: EhS, S.217.

**هەروەها باڵندەی بەردین و گڵینە (فخاریات) ... لەوێدا بەرێکەوت دۆزرابوونەوە[49].**

**دوو پەیکەری مرۆڤەکە زۆر ساکار دروست کراون و وردەکارییەکانی لەش و دەموچاویان کەمێك دەرپەڕیون. یەکێکیان سەری قووچی هەیە (واتە کڵاوێکی قووچی لەسەردایە). رەنگە دوو پەیکەری دوو میری موصاصیر یان ئورارتو بووبن. ئەوەش بێنینەوە یادی خۆمان کە سارگۆن پەیکەری پادشاو میرانی ئورارتوی لە موصاصیرەوە بردبوو، رەنگە ئەو پەیکەر دروستکردنەش لەوێدا کارێکی ئاینی بووبێت؛ بۆ نموونە ئەو پەیکەرانە وەکو نەزر پێشکەش بە خالدیا بکرێن. ئەوەشمان وت کە سارگۆن ژمارەیەك پەیکەری پادشایان و میرانی لە موصاصیر برد؛ لەمانە پەیکەری ساردوری Sarduri ((کوڕی ئیشپوئێنی Išpueni پادشای ئورارتو))و[50] پەیکەرێکی ئارگیشتی Argišti، یەکێکی تری روسا کە لەسەریدا نووسراوە : بە دوو ئەسپی خۆم و لێخوڕی ئەسپەکانمەوە دەستەکانم پادشانشینی ئورارتوم داگیر کرد[51].**

**جێماوێکی تری سەر بە موصاصیریش نەخشە هەڵکەندراوەکەی سارگۆنە کە لە (خورساباد – دوور شارروکین)ی پایتەختیدا دۆزرابووەوەو کە تاڵانکردنی پەرستگەی موصاصیر پیشان دەدات (بڕوانە وێنەکە). لەو نەخشەدا قەڵغان بە دیوارەکەوە دیارە کە شێوەی سەگی دەمکراوەی لێ دروست کراوە، هەروەها کوپەڵەی مەی کە بۆ بتەکان دەڕێژرێن، لەگەڵ پەیکەری مانگایەك شیر بە گوێرەکەکەی دەدات[52].**

---

[49] زانیاریم لە بارەی دۆزراوەکانی مجیسر لە کاك (معتصم رشید)، بەڕێوەبەری ئەوسای مۆزەخانەی سلێمانی وەرگرتووە.

[50] وا لەدەقە ئاشوورییەکە نووسراوە(کوڕی ئیشپوئێنی)و ت-دانجان دەڵێت ئەگەر هەڵەی نووسەرە ئاشوورییەکە نەبووبێت ئەوا ئەو سەردورییە میرێك بووە نەبۆتە پادشا:

**F. T.-Dangin, Op. Cit., p.XVIII, n.1**

[51] **F. T.-Dangin, Op. Cit., p.XVIII.**

[52] **Ibid, p.XVII.**



دوو پەپکەر لە (مجێسر) - مۆزەخانەی سلێمانی



پەیکەری 1 مجێسر-بەشی سەرەوەی



پەیکەری2 مجێسر -بەشی سەرەوەی